# (له هەركوێیەك ڕێكخراوێكی دانیماركی پێدەزانن بیسوتێنن)

((نوسراوی سەردیواری
ئاودەستخانەی مزگوتێك))

فەرمان سالّح

بەم دواییانە مەسەلەی نوسینی كتێبەكەی مەریوان هەڵەبجەی وبڵاوكردنەوەی چەند كاریكاتێرێك لەرۆژنامەیەكی دانیماركی، ئاژاوەیەكی گەورەی نایەوەو زۆركەس ولایەنی توندوتیژ لەپەنای بەرگریكردن لەپیرۆزی ئاین چەند كارێكی تێكدەرانەیان كردو زۆر لەپیاوانی ئاینیش فتوای كوشتنی مەریوان وتێكدانی بارەگای باڵیۆزخانەو رێخراوەكانیدیكەی ولآتی دانیماركیان دا، ئەمە هەنگاوێكی گێرە شێوێنانەو تێكدەرانەی ئەو گروپ و لایەنە ئیسلامیانە بوو، كە ئێستا لە دونیادا ڕوویێكی ناشیرینی كۆمەڵگای مرۆڤایەتی نیشان دەدەن، لەكوردستانیشدا گروپگەلێكی زۆری ئیسلامی هەن و بەردەوامیش لەهەوڵدان بۆ شێواندن وتێكدانی ئارامی، لەپەنای ئایەتەكانی قورئانیشدا خۆیان مەلاّس داوەو لێرەو لەوێ رۆژانە چەندین مرۆڤ دەكەنە قوربانی نیازە گلاّوەكانیان و مێشكی گەنجی كورد بە كۆمەڵێ ئەفسانەو شتی خەیالاّوی دەشۆنەوەو دەیانەوێت، دیوە ناشیرینەكانی خۆیان لەژێر باڵ وپەردەی ئیسلامدا بشارنەوە وخەڵكانێكی ساویلكە هەڵخەڵە تێنن وكۆمەڵێ دابی قێزەون لە جیهانی عەرەبی دا بگوازنەوە ناو كۆمەڵگای كوردەواری وپێیان وایە ئەگەر منداڵەكانمان ناوەكانیان(عبدولقادروعبدولغفار وفاطمة وزهراء)نەبن، ئەمە لادانە لە بنەماكانیئیسلام وشێواندنی بەها پیرۆزەكانی دینە بەجۆرێك لە جۆرەكان، ئەوان هەمیشە لەهەوڵدان ئەو وەسیلەیەبن كە كۆمەڵگای عەرەبی وجیهانی عەرەبی دابەشبكەنە سەركیشوەرەكان ودەوڵەتی خەلافەتی عەرەبی جارێكی تر دروست بكەنەوە، بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانن،وەك شێخەكانی خەلیج زیاتر لە حەفتا ژن بۆ خۆیان حەلاّل بكەن وبەتاوانی نامووس و شەرەف

پەرستیش رۆژانە ژنان زیندە بەچاڵ بکەن، ئەوان دەیانەوێت کێرو سکی خۆیان تێرکەن وئیسلامیش بکەن بە مەنهەجی گەیشتن بە مەرامەکانیان، ئەو ناونیشانەی سەرەوە نوسراوی سەر دیواری یەکێ لەمزگەوتەکانی شاری هەولێرە، ئەودیوارانەی بونەتە بۆردی ریکلامە توندوتیژەکانی گروپە ئیسلامیەکانی کوردستان، خوێندنەوی ئەو دروشمە هانی دام سێ چوار وشە بۆ کولە مەرگیەکانی ولاّتەکەم بنوسم، کەدەمێکە چەند دێوێك بەناوی ئیسلامیزەکردن ونەهێشتنی بیری تەکفیریزم،دەیانەوێت رەگ وریشەکەیئەم ولاّتە بگۆڕن وبیگەڕێننەوە سەردەمی چارشێووبەند کردنی ژنان لە سوچێکی ژووری چێشت لێنانی ماڵەکان وتەماشا کردنیان وەك زەعیفەو (ناقص العقل والدین)، جا بەرنامەیەك ئەمە دروشمەکەی بێت وبەم جۆرە جیاوازی بخاتە ناو مرۆڤەکان دەبێ چاوەڕێی چ کارەساتێکی گەورەی لێبکرێت، ئەوەی ئێستاش لەسەر دیواری ئاودەستەکان دەینووسن بێگومانم ئەگەر حزبی عەلمانی کوردی بەردەوام بێت، لەگەندەڵکردنی کۆمەڵگاکەی ونەبوونی بەرنامە وپلانی بەجێ، لە ئاودەستەکانەوە ئەم دروشمانە دەگوازرێنەوە ناو ماڵەکان و تەنانەت ناو باڕو مەیخانەکانیش ئەودەمەش دیسان دەگەڕێینەوە، سەردەمی خەلافەت وخەونەکانمان لەگۆڕ دەنرێن!!